وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا

بابەت: بنەماکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان


ماموٚستای بابەت : کامران ولی محمود


# سیستەمی تان و پۆ (بەشی دووەم)

# نظام الإحداثيات (القسم الثاني)

# Coordinate System (Part-2)



# تەوەرەکانی بابەت:

- جێکەوتەی  نەخشە
- سیستەمی UTM
- سیستەمی NAD و WGS



# دووەم : سیستەمی UTM

لە وانەی پێشوو ئاماژەمان بە ٣ جۆری سەرەکی جێکەوتەی نەخشە دا ، کە بریتی بوون لە جێکەوتەی لوولەیی و قووچەکیی و تەختانیی.

شایەنی باسە هەر سێ جۆری جێکەوتەو جۆرەکانی تریش کە ئاماژەمان پێ نەکردوە ناتوانن تایبەتمەندیەکانی نەخشە بە یەکەوە بپارێزن وەك (شێوە - رووبەر - دووری - ئاڕاستە)، ئەگەر یەکێکیان هەندێ تایبەتمەندی بپارێزی ئەوا لەسەر حیسابی ئەوانی تر دەبێ، واتە دووری و شێوە بپارێزی، ئەوا رووبەرو ئاڕاستە تێکدەچی. ئیتر بەو شێوەیە هیچ کامێك لە جێکەوتەکان ناتوان هەموو پێوانەکانیان تێدا بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێ.


## دووەم : سیستەمی UTM

نوێترین جۆری جێکەوتە کە زاناکان ئێستا پشتی پێ دەبەستن بریتیە لە:

Universal Transverse Mercator – UTM واتە (مێرکاتۆری پانی جیهانی) ئەو سیستەمە لە بنەڕەتدا لە (جێکەوتەی مێرکاتۆری پان – Transverse Mercator Projection – مسقط میرکاتور المستعرض) وەرگیراوە، کە لە لایەن زانای کارتۆگرافی بەناوبانگی هۆڵەندی (جێرار‌دۆس مێرکاتۆر) لە ساڵی ١٥٧٠ داهێنراوە، کە بە جێکەوتەیەکی گونجاو دادەنرا بەتایبەتی لە ناوچە بچووکەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووری‌و رووبەر دووچاری تێکچوون دەهاتن .


## دووەم : سیستەمی UTM

سیستەمی UTM گۆی زەوی دابەش دەکاتە سەر چەند زۆنێك کە هەر یەکێکیان شێوەی نیمچە سێگۆشە وەردەگرێ کە بنکەکەی لە خوارەوەیەو لوتکەکەشی لەسەرەوەیە وەك ئەو شێوەیەی خوارەوە:



# دووەم : سیستەمی UTM

سیستەمی UTM زەوی دابەش دەکاتە سەر ٦٠ زۆن، هەر زۆنێك بۆ شەش (٦) هێڵی  درێژی درێژ دەبێتەوە بۆ دوو بەشی (باکوورو باشوور)، هەر لە هێڵی گرینیچ کە ٣ هێڵی لە رۆژئاواو ٣ هێڵیش لە رۆژهەڵاتە زۆنی ژمارە یەك پێکدێنی ، ئینجا بۆ رۆژهەڵات دەڕوا تا بە دەوری گۆی زەوی دەسووڕێتەوە هەموو زۆنەکان تەواو دەبێ . شایەنی باسە ناوچەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان دەکەونە سەر زۆنی ٣٨ باکوور .



# THANKS